# سەددام لەزیندان هەڵدێت!

کەیهان عەزیز
Kayhanaziz@maktoob.com

سەرۆک، هەروەک ئاگاداریت، ئەوە چەند هەفتەیەکە کە باری ئاسایشی عێراق و هێزەکانی ئامریکا لەشێواندایە و ئامریکا بە سەختی کۆنترۆڵی بۆدەکرێت. هەر بۆیە بەندە (ژانراڵ سایزەر) لە ستادی (CIA)وە هاتوومەتە لاتان تا بتوانین پێکەوە قسەبکەین و نەزەری تۆیشمان بۆ دەرکەوێت.

سەددام: نەزەری من بۆ؟ گوایە ئەمریکا بەو هەموو هێزو توانایەوە کۆنترۆڵی عێراقی پێناکرێ و پێویستی بەدیلێکی وەک منە تا کۆمەکی بکەم!. برۆ با کەسێکی گەورەتر لە خۆت بێت، رامسفیلد یان پاوەڵ بانگ بکە تا بتوانین چارەیەک بدۆزینەوە. دیارە گەر رامسفیلد بێت چاکترە چونکە هاورێی کۆنین.

## رامسفێلد لە بەخدا

رامسفێلد: میستەر سەددام سلاو... داوات کردبوو کە من یان مستەر پاوەڵ ببینیت، هاتم بزانم چی تازەت پێیە و گوێت بۆ رادێرم.

سەددام: لە راستیدا شتی تازە لای منی دیل نییە و، ژانراڵ سایزەر و ئێوە داوای نەزەر و هاوکاریکردنی منتان کردبوو. بێگومان هاوکاریش بەهای خۆی هەیە یان نا؟.

رامسفێلد: راستە، بەلاّم ئێمە بەر لەوەی هاوکاریمان بکەیت بەهاکەیمان پێدابوو!.

سەددام: کوا... چیتان بۆکردووم؟

رامسفێلد: منداڵەکانت لە ئەردەن و قەتەر پارێزراون بەئاسایی ژیانی خۆیان دەکەن. گەر ئێمە نەبووینایە ئێستا لەت وپەتیان کردبوویت، بگرە ئێستاکەش گەر رێگە بدەین ئەوا لەناوت دەبەن. ئیدی بەها لەمە زیاتر، خۆ ناتەوێت بتگەرێینەوە بۆ سەر کورسی دەسەلاّت؟!

سەددام: مستەر رامسفیلد، چاک دەزانیت من چەندین مانگە تەنها لە رێگای رۆژنامەکانەوە ئاگام لە دنیای دەرەوەیە، ئاگاداریشم کەهێزەکانتان شپرزەکراون. گەر دەتانەوێت ئەمریکا کۆنترۆڵی ئاسایش بکات، بەر لە هەر هەنگاوێک پێویستە قسەیەک ل مسەر ئایەندەی ژیانم و سەرکردایەتی بەعس بکەین، کەئێمە دەمانگوت کۆنترۆڵکردنی عێراق شۆخی نییە، باوەرتان نەدەکرد، ئێستاش لە بەر ئەوەی کە من و تۆ لە سەرەتای ساڵەکانی 1980وە پەیوەندی و دۆستایەتیمان هەبووە، بەچاکی دەزانم لە رێگای تۆوە کۆنتراکتێکی دیکە ببەستینەوە؟!

رامسفێلد:کۆنتراکتی چی، تۆ وا دەزانی ئێستاش سەرۆکیت...ە ە ە ها؟

سەددام: من گەر سەرۆکیش نەمابم ئەوا دەتوانم ئەو ئاشووبە هیچ نەبێت لەناوچەکانی فەلوجە و تکریت و ئەنبار و.... رابگرم، بەهاکەیشی بەشداریکردنی بەعسیەکانە لە دەسەلاّتدا و بێگومان بەر لە هەمووشیان ئازادکردنی من و بەشێک لە برادەرانی سەرکردایەتییە.

رامسفێلد: مستەرسەددام، ئەوانە خەیاڵن و بەهیچ شێوەیەک ناتوانین شتی وا بکەین. پاشان گارانتی چییە بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش؟.

سەددام: تۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەت گارانتی ئازادی من و گەڕانەوەی ئەفسەر و کارمەندانی موخابەرات و... بکەن، ئەوا ئەوجا منیش گارانتی ئاسایشتان بۆ دەکەم !.

ڕامسفێڵد: ئازادی تۆ بۆ ئێمە و ڕای گشتی جیهان سکاندالێکی مەزن و مەحاڵە. ئێمە دەتوانین هەر وەک چۆن داوامان لە ئەردەن و قەتەر کرد پەناهەندەیی وئاسایشی خێزانەکەت بپارێزن، هەر ئەوهایش دەتوانین گوشار بخەینە سەر دادوەرانی دادگاکەت و کارێک بکەین نەتوانن بڕیاری لە سێدارەدانت بدەن. بەواتایەکی تر، دەتوانین گارانتی حوکمی موئەبەدت بۆ بکەین، کە بە بڕوام چاکترین ڕێگەچارەیە بۆپارێزگاریت و مانەوەت.لە بەرانبەر ئەمەدا، گارانتی ئەم بەڵێنەی تۆ بۆ بەرقەراربوونی ئاسایشی سێگۆشەی سونی نشین چیە؟

سەددام: من گارانتی ئەوکارە دەکەم بە مەرجێک ئازاد بکرێم!.

ڕامسفێڵد: ئازادی چی ئەوە بەڕاستە ؟!.

سەددام: بەڵێ! سیناریۆی ئازادکردنی من لە سیناریۆی بەرپاکردنی جەنگەکە ئاسانترە و بگرە پێویستیشی بە هیچ ئالۆزی وایپێچ و پەنایەک نییە. دیارە ئێوە کاتێک ئازادم دەکەن کە ئاسایشتان بۆ دابین بکەم. بەرقەرار بوونی ئاسایش و ئازاد بوونی من لە ڕێگای دوو سیناریۆوە بەدی دێت و بۆ ئەو مەبەستەیش دوو سیناریۆم هەڵبژاردووە و دەتوانن یەکێکیان پەسەند بکەن.. یەکەمیان، کە من زیاتر پەسەندی دەکەم، ڕاییگەیەنن کە هێرش کراوەتە سەر زیندانەکەی سەددام و توانیوێتی دەربازی بێت!. بەمەش هەر چی ئەو بەناو حیزب و کورد و شیعەکانە دەترسن و لە رووی دەرونیەوە بالانسیان تێکدەچێت و ناچاریش دەبن مل بە بەشداریکردنی بەعسیەکان لە دەوڵەتی ئایندەدا بدەن، کە ئیدی ئەو دەم ئێمە وەک جاران ڕۆڵی شمشێرک دەگێرین بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیەکانتان و سەری ئەوەش دەپەرێنین کە دژایەتی ئێوە بکات و با دیموکراسییەکی دیکۆریش ببێت. دیارە بۆ ئەم پریۆدە چەند ئەفسەر و کەسێکی سیاسی واتان بۆهەڵدەبژێرم کە بتوانن گارانتی ئاسایشتان بۆ بکەن و ڕێگە بە منیش بدەن تاوەک (ئایشمەن) بە ناو و پاسپۆرتێکی ترەوە، لەیەکێک لە وولاتانی ئامریکای خوارووە، یاخود لە یەکێک لەو دوورگە بچوکانەی ئامریکا (گوام) ژیانی ڕۆتینی خۆم دەست پێ بکەم. سیناریۆی دووەمیان، هەواڵی مەرگی من بە سەکتەی دڵ ڕابگەیەنرێت و لە تەلەفزیۆنیشدا گوایە فیلمی تەرمەکەم نیشان بدەن و 4 دکتۆری پرۆفیشیۆناڵیش بێننە سەر تی ڤی و گوایە یەکێکیان دکتۆری من بووە لە زینداندا و ئەوانی دیکەش با خەریکی شیکردنەوەی هۆکاری مردنی کتوپری من بن!.

ڕامسفێڵد: مستەر سەددام، ئەوە دەڵێت ئێمە لای تۆ دیلین کە وا بە و ئاسانییە قسان دەکەیت! من سەرۆک و ئیدارەیەکم هەیە و بەهەر حال کاتم بەرێ تا پەیوەندی بە واشنگتۆنەوە بکەم.

سەددام: چاکە.. سلاوی منیش بە برادەرانی کۆشکی سپی بگەیەنە.

## پاش هەفتەیەک

ڕامسفێڵد: مستەر سەددام، سلاو،هەواڵی خۆشم پێیە بۆت! ئیمە ڕازیبووین بەوەی کە سیناریۆی دووەمت بۆ جێبەجێ بکەین و خۆت و ماڵ ومنداڵەکانت لە دوورگەی گوام لە ژێر چاودێری هێزەکانی ئەمریکادا لە ڤیلایەکی مەزندا ژیانی ئاسایی خۆتان بکەن و بشتوانن سەفەر بۆ هەموو شوێنێیک بکەن، تەنها بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەبێت، ئەویش لە بەر ئەوەی نەوەک زوو بناسرێیتەوە و ئابڕوی ئێمەی پێ بچێت! وەلێ بەر لەوە پلانی بەرقەرارکردنی ئاسایشم پێ بڵێ.

سەددام: ئەمە لیستی ئەفسەرەکانە و دەتوانن پەیوەندیش بە تارق عەزیز و سەعدون حەمادییەوە بکەن. ئیدی خەمتان نەبێت، وەلێ بەر لە هەموو شتێک دەمەوێت بزانم، کەنگێ سیناریۆکەم دەست پێدەکاو ئازاد دەکرێم وبەمنداڵەکانم شاد دەبمەوە ؟

رامسفێڵد: چەند هەفتە پاش کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی فەلوجە، ئێمە بەرە و دورگەی گوام رەوانەت دەکەین و ژن ومنداڵەکەتمان ئاگادارکردۆتەوە، گەر زوو ئاسایش بەرقەرار بوو، ئەوا بەر لەتۆ، ئەوان رەوانە دەکەین.

## پاش بەرقەراربوونی ئاسایش

تی ڤی، رایگەیاند کە سەددام بە سەکتەی قەلبی گیانی لەدەستدا!! هەواڵەکە بۆ عێراقییەکان جێی باوەڕ نەبوو! لەوکاتەدا بەدەستووری شارۆن یاسر عەرەفات تیرۆر دەکرێ و تاتەوای سەرنجەکان رووە و رووداوی کوشتینی عەرەفات تا مردنی سەددام رادەکێشرێت!.

## سەددام لە دورگەی گوام

رۆژی 10- ئێپریلی- 2005، واتە 18 رۆژ بەر لە رۆژی لە دایکبوونی، سەددام، لە فرۆکەخانەکەی سەربازی ئەمریکا لەگوام دەنیشێتەوە و لەلایەن خانەوادەکەیەوە پێشوازی لێدەکرێت. پاش پشوودانێکی چەند مانگە، بە مەبەستی نووسینی کتێبێک (بەناوی خوازراوەوە)، سەددام خانوویەکی لە دێیەکی نزیکی کەنار دەریا کرێ، تا بتوانێت دوور لە منداڵەکانی رۆژانە چەند کاتژمێرێک خەریکی نوسینی کتێبەکەی بێت.

چەند هەفتە بە سەر ئەم کارەی سەددامدا تێپەری، سەددام لەکاتی پشوودا زیاتر میوەی دەخوارد و زۆریشی حەز لە شووتی بوو، ئەو رۆژە لە بەختی ئەو شووتی لە یەخچاڵەکەیدا نەمابوو، ناچار بە مەبەستی شووتی کڕین بەرەو ناو دێ کەوتە رێ، کابرایەک لەماشینەکۆنە (وانێت)ە کەیدا شووتی دەفرۆشت. سەددام شووتیەکی چاکی هەڵبژارد و کابراش بە ئەبڵەقی سەیری دەکرد!.

سەددام دەیزانی ئەو کابرایە بۆسەیری دەکات، وەلێ هیچی نەگوت و پارەکەی دایە و بەرلەوەی بکەوێتە رێ، کابرای شووتی فرۆش گوتی؛ تۆم دیوە لە تی ڤی دا ! تۆ سەددام نیت؟

- سەددام بە ئینگلیزیەکی زۆر سەقەت ووتی: سەددام کێیە؟!

- دیکتاتۆری پێشووی عێراق.

- نەخێر منی چی !..وا بزانم ئەو لە مێژە مردووە، ئەی تۆ خەڵکی کوێیت لەوەناچێت خەڵکی گوام بیت ؟.

- من کوردم خەڵکی کوردستانی بەعێراقەوە لکاوم !.

- ئەی لێرە چیدەکەیت؟

من لەکاتی جەنگی ئێران- عێراقدا، رامکرد و لەشاخ بووم بە پێشمەرگە. پاش ئەوەی زانیم (بەهۆی شەڕی جود و جوقد)ەوە ئەمیش ئایەندەیەکی نییە، چەکم دانا و رووەو ئێران کەوتمە رێ. پاش ماوەیەک کرێکاری، ئەوجا لە بەندەر عەباسەوە ملی رێم لێنا. ئەو کەشتیەی منی تیا بووم، لەبەختی رەشی مندا لە بری ئوستراليا لێرە لەنگەری گرت !.. ئیدی لێرە چەندین ساڵە ژنم هێناوە و ژیانی خۆم دەکەم !. زۆربێزارم، گەر سەددامی خوێنرێژ خانەوادەمی ئەنفال نەکردایە و جەنگی بەرپانەکردایە ئێستاکە ژیانێکی دیکەم دەبوو.....!

سەددام کە گوێی لەم قسانە بوو، قسەکانی بەکابرا بڕی و بەشپرزەیی بەرە و ماڵ کەوتە ڕێ. کابرای شووتی فرۆشیش،کەبینی سەددام پەشۆکاوە،بە توندی کەوتبووە گومانەوە. بڕیاریدا بەدزیەوە چاودێریان بکات، تا ڕۆژێک کە بینی ژن ومنداڵەکانی سەددام هاتوونەتە لای و لەکەناری دەریاکەن و بەعەرەبی قسان دەکەن، ئەوجا گومانەکەی بوو بە یەقین. دەستبەجێ سواری ماشێنەکەی بوو، و بەخێراییەکی زۆر خۆی کرد بەو کەپرەی کە سەددام لە ژێریدا ڕاکشا بوو ! ئیدی هاوار بەرز بۆوە و ساجدە و منداڵەکانی دەستیان کرد بە شین و ڕۆ !.

کاتێک، پۆلیس گەیشتەجێ کاروانی شوتی فرۆش بەوپەڕی خۆشیەوە هاواری دەکرد:

ـ کوشتم... خەڵاتم بدەنێ، دنیام لەشەڕی سەددام ڕزگار کرد.

- پۆلیس، کاروانی دایە دەست سەربازگەی ئەمریکاییەکان و ئەوانیش فڕێیاندایە زیندانەوە!. پاش چەندین ڕۆژ زیندانیکردن، هێنایانە بەر دەمی ئەفسەرێکی پایەبەرزی ئامریکا،کاتێک ئەفسەرەکە پرسی:

ـ دەزانی کێت کردووە بەژێرەوە؟!

- بەڵێ،سەددامم کردووە بەژێرەوە، کورد و ئامریکا ودنیام لە شەڕی ئەم خوێنڕێژە ڕزگار کرد. بێگومان دەبێت خەڵاتی 35 ملیۆن دۆلاریەکەم بدەنێ!. لەم قسانەدا دەبێت..... !!

- بڕیارماندا،ئەمڕۆ بەرە و زیندانی گۆنتانامۆت بەڕێبکەین! چونکە تۆ بەبێ پرسی ئێمە سەددامت لەناو بردووە و ئاسایشی میللی ئامریکات خستۆتە مەترسیەوە!.

- کاروانی شوتی فرۆش، پاش چەند مانگ لە گۆنتانامۆ بە سەکتەی قەلبی گیانی لە دەست دەدا... کەسیش یادێکی نەکردەوە و بلوێرێکی بۆ لێنەدا !!.

Brussel
2004-05-6